

پیربال مەحموود

# چەند وشەیەک لەبارەی ئەزموونی شیعریمەوە

نیازی ئەوەم نییە چەند لاپەڕەیەکی بەتاڵی ئەم دیوانەم بە باسێکی چڕ و ورد لەبارەی زانایی و ئەزموونی شیعر و شیعرکاری خۆم پڕ بکەمەوە، یان هەروەکو هەندێ شاعیرانی هاوچەرخ و تازەگەر بۆ چەسپاندن و بەرزکردنەوەی باڵەخانەی بەهرەمەندی و داهێنانم لەسەر زەمینەی شیعردا کۆشک و تەلاری شیعری شاعیرانی قۆناغەکانی بەر لە قۆناغی خۆم بڕمێنم و سەراپای لەناو بەرم، نا نەخێر منی بێ فیز و بێ لە خۆبایی تەنیا ئەمەم گەرەکە تا رادەیەک و سنوورێکی ماقووڵ خۆم وەک شاعیر و شیعرەکانیشم وەک بەرهەمێکی قۆناغی خۆم بە خوێنەری دڵڕوون و هێژا بناسێنم.

منی شەیدای بووکی رازاوەی شیعر و پەرۆشی وشەی تەڕ و جوانی کوردی لە سەرەتای پەنجاکانەوە لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی «هەولێر و ژین و پێشکەوتن و هاوکاری و برایی و عێراق و أیام»دا، هەروەها لەسەر لاپەڕەکانی کۆواری «هەتاو و شەفەق و بەیان و رۆژی کوردستان و کاروان و نووسەری کورد و نووسەری نوێ و ئۆتۆنۆمی» و گەلێ رۆژنامە و کۆوار "ە عەرەبی و کوردییەکان"دا جاربەجار خۆم بە شاعیرێکی "هەواکار" بە خوێنەران پێشان داوە. هەروەهاش لە ماوەی ئەو گوزەرە دوور و درێژەدا بە سەرێکی نارەحەت و جەستەیەکی شەکەت و روحێکی ماندوو و دەستێکی کورت ئەم دیوان و نامیلکە شیعرییانەشم: «بەهەشتی دڵداری، لافاو، شۆڕش، بزەی سروشت» بە چاپ گەیاندوون، بە

عەرەبیش ئەم دیوان و نامیلکە شیعرییانەم: «همسة العشاق» و «شبابة الالم» «أغاني الثورة» و «من الماضي» لە چاپ داون، هەر تەنیا بۆ دامرکاندنەوەی ژانی دەروونم و تێرکردنی هاوکاریم و هیچی تر نا.

لە سەرەتای ژیانی لاویتیمدا، واتا لە تافی هەرەت هێناندا قوتابخانەی شیعری «رۆمانسی» سەرەنجی راکێشاوم و کاری تێ کردووم، کارتێکردنەکەشی لە ناوەرۆک و رووخساری بەشی زۆری نۆبەرەی شیعرەکانمدا رەنگ دەداتەوە، چونکە ئەو دەمە من وەکو "هەرزەکارێک" پێی چەپم لەسەر زەمینەی دڵداری دانا بوو، بەڵام کاتێ کە پێی راستم لەسەر زەوی رامیاری دانا پەیرەوی رێبازی «ریالیزم»یشم کرد، بەهرە و کەرەستەی شیعرم بە گشتی تا چەند پلەیەک بە ئەستوونەی پتەوی مرۆڤایەتی بەستایەوە، تاکو بتوانم بە سەربەستی لە نێو جەرگی ژیاندا بجووڵێمەوە و تێکەڵاوی رووداوەکانی ببم و مامەڵە لەگەڵ دیاردەکانیدا بکەم. واتا من لە سەرەتاوە لەسەر شانۆی هەردوو قوتابخانەدا "واقعی" و "رۆمانسی" رۆڵی شاعیرێتی خۆم دیوە، جار بە جاریش بابەتی "هێما"یشم بە خوێنەری شیعری کوردی بەخشیوە، بەڵام بێ ئەوەی بە ناوی "هێما" غەدر لە هێما و هێماکاری بکەم و سەری خۆم و خوێنەریش بشێوێنم.

دیوانی "بزەی سروشت" چەند تابلۆ شیعری ئەوتۆی بە رووی لاپەڕەکانیدا هەڵواسراوە، شێوەی چامە و بالادە شیعری وەرگرتووە، رێکخستنی لە دنیای شیعردا مێژوویەکی کۆن دەگرێتەوە لەوانەیە لە لای تازەگەرەکاندا بە تابلۆیەکی کلاسیکی تۆخ لە قەڵەم بدرێ، تابلۆ شیعری ئەوتۆیش پێشان دەدا لە پێشانگایەکدا مێژووی دروستکردن و دانانی زۆر کۆن نییە، ئەشێ لە رووی کێش و ئاهەنگ و ناوەرۆک و رووخساردا، یان لە رووی تێرامان و قووڵبوونەوە و بەکارهێنانی وشە و زاراوەی شارستانی تا چەند هەنگاوێک لەگەڵ ئێستای شیعری کوردیدا بگونجێت و شان لە شانی یەک بدەن. لە رووی تەکنیک و ناوەڕۆک و رووخسارەوە.

بەشێکی زۆری شیعری شاعیرە ناودارەکانی رۆژهەڵاتی و رۆژئاواییم هی کۆن و نوێیان، بە کوردی و عەرەبی و تورکی خوێندۆتەوە و هی زۆریشیانم لەبەر کردوون، هەر یەکێکیان تا پلەیەک لە تەڵی هەستی و نەستی داوم و ناخی بزواندووم، بەڵام لە جیهانی شیعری کوردیدا شانازی بەوە دەکەم کە من لە دەستپێک و پێشە بەرەی شیعرەکانمدا چ لە رووی بۆچوون و تێرامان، یان لە رووی ناوەڕۆک و رووخساردا قوتابییەکی دڵسۆزی رێبازی «گۆران»ی لووتکە. «هەردی»ی هەڵکەوتوو. «هێمن»ی ترۆپک. «دڵدار»ی خۆشخوانم، چونکە

ئەو قـۆناغـەی کـە لـە پەنجـەکـاندا پێـیـدا تێـپـەڕیم بزووتنەوەیەکی شـیـعـری کـوردی پێداویستـیـیـەکی زۆری بە سـەدان قـوتابی وەک من هەبـوو بۆ تەکـاندانی بەرەو لووتکەی نوێخوازی، بۆ ئەوەی شان لە شانی شیعری میللەتانی پێشکەوتوو بدات لە جیهاندا.

بەلای منەوە ئەگـەر یەکێ قـوتابیـیـەکی باش نەبێ لە ژێر دەسـتی فـێـرکـارێک و مامۆسـتایەکی باش بە هیچ جۆرێک فێرکـارێک و مـامـۆسـتـایەکی چاکی لێ هەڵناکەوێ. بنەداری باش و پتـەو هەردەم نەمام و بەرهەمی باش دەهێنێ، بنەداری پووک و گەندەڵیش بە دەگمەن نەمام و بەرهەمی باشی لێ هەڵدەکەوێ. ئەگەر لە نۆبەرەی شیعرەکانمدا هەوڵی ئەوەم دابێ ڕێڕەوی کەڵەشاعیرێک بگرم لەوانەی لە بواری شیعردا بە پێشەنگ و لووتکە دەژمێردرێن، یان لە چەند ڕوویـیەکەوە دوو سێ هەنگاو بە دوای شاعیرێکی سەردەمی خۆم کەوتبم. مەبەستی سەرەکیم لەم هەوڵدان و بەدوا هەنگاوکەوتنەدا تەنیا ئەمە بووە کە جۆرە پێوەندییەکی هونەری و ڕەسەنیم لەگەڵ بۆن و بەرامەی ئەو شاعیرە سەرکەوتووانەی کە لە سـەردەمـێکی بەر لە سـەردەمی خـۆمـدا، لە نێـو گوڵزاری ڕەنگاوڕەنگی شیـعـری کـوردیدا سەریان هەڵداوە بمێنێتەوە.

ئەو کەڵە شاعیرانەی ڕۆڵی خۆیان لەسەر شانۆی داهێنان و پێشەنگیدا بە دڵسۆزی و تەواوی گێڕاوە. ئەم کەڵە شاعیرانە لە نێو پەیکەری شیعری پیرۆزی پێگەیی و هەراشیاندا گیانی شیعری بەهرەمەندان دەپارێزن، هەروەها چێژ و تامێکی نەتەوەیی و بە بەرهەمی شاعیرانی قۆناغی دوای قۆناغی خۆیان دەبەخشن. پڕشنگی ئەم بەخشینەشیان بە ڕوونی و گەشـەداری لە بەرهـەمـەکـانیـاندا بەدی دەکرێ، ئەمـانە وەکـو ڕۆژی پڕشنگدار وانە لە ئاسـمـانی شـیـعری کـوردیدا و لە کۆنەوەش وتراوە: «بەری ڕۆژ بە بێـژینگ ناگیـرێ» هەر هەڵکەوتوویەک شـاعیر بێ، یان نووسـەر، وێنەکێش بێ، یان چیرۆکنووس، هەر چ چەشنە هونەرێکی کردبێتە پیشـە، لە سەرەتاوە هەوڵی ئەوەی داوە لەسـەر شێوەی هەڵکەوتوویەکی شـارەزا و چالاکی بەر لە خۆی دەست بە مەشقکاری بکات، بەڵام نابێ هەتا هەتایە خۆ بە پەت و تەنافی ئەم مەشقکارییەوە هەڵواسێ و ببێتە ڕوونووسی ئەم هەڵکەوتووە شـارەزا و چالاکەوە. بۆیە بەش بـەحـاڵی خـۆم لە قـۆناغی خـۆمـدا هەوڵ و کـۆشـشـێکی زۆرم داوە نوێگەربم. سێبەری جەستەی شاعیرێکی تر نەبم، هەنگاوی ورد و درشتم بە هیچ جۆرێ بە دوای هەنـگاوی ورد و درشـتی کـەسـێکی ترەوە نەکـەوێ. «لە بواری ئەدەب و هونەردا تا ڕادەیەک دروێنە لە چاندن باشـتـرە، وەرگـرتن لە بـەخـشـین ڕاسـتـتـرە، لە پاشـانـدا بە پێچەوانەوە چاندن لە دوای دروێنەوە و هەڵگرتن، بەخشین لە دوای وەرگرتن».

شـاعـیـری بەهرەمـەند و راسـتگۆ بۆ ئەوەی هـەمـیـشـە لە چاندن و بەخـشـین بێ وچان بەردەوام بێت، دەبێ هەمیشە خۆی لە شێوەی رێژگەیەکی روون و پرشنگدار پڕ بکاتەوە. شیعرەکانم لە بارەی کێشەوە بەشێکی کەمیان دەچنەوە سەر کێشی کۆن، ئەو کێشانەی کـە "نالی و سـالم و کـوردی وەفـایی و مـەحـوی و حـاجی قـادری کـۆیی و مـەولەوی" و هاوچەرخـەکانیـان بـەکاریان هێناوە، واتە لەسـەر کێشی "عـەرووز" رێک خراون، بەشێکی زۆریشیـان دەچنەوە سـەر کێشـی خۆمـاڵی رەسـەن، واتە لەسـەر کێشی "پەنجـە"، یان بڵێم کێشـی "سیلاب" دانراون، کە سەرچاوە بڵێسەدارەکەی لە گوڵزاری رەنگاوڕەنگی کەلەپووری نەتەوایەتی خـۆمـانەوە هەڵدەقـوڵێ و بنکەیەکی شـیاو و یاسـایەکی رەسـەنی بۆ هۆنینەوەی شـیعری کوردی نوێی داناوە، لـە بارەی تەکنیکی لەنگەرەوەش واتە تەکنیکی "قـافییـە"وە وا بۆی دەچم، یان بڵـێم وا مـەزەندەم بۆی دەچێ کـە من لەنگەری شـیـعـری کوردیم لە زۆربەی شـیعرەکانمدا «درێژ و کورتییـان و سووک و قورسییـان» بە لەنگەری یەکگرتووی شـیعری عـەرەبییـەوە بەسـتـووتەوە، ئەوەش بە لای منەوە کـارێکی پیـرۆزە، چونکە تەکنیکی لەنگەر کاری لە عورف و ئـاینی مندا رووبەکی زیندووی خورپەداری شیعری بایەخدارە، نەوای دوا پیتـەکانی وشـە و دەردەنگی کێش بە یەکەوەیان گرێ دەدا تا بۆ دروسـتکردن و داهێنانی تابلـۆ شـیـعـرێکی رێکوپێک، لە نێـو چوارچێـوەیەکی پڕ بە قـەوارەی خـۆیدا یەک بگرنەوە. تابلۆیەکە رەنگ و خروشێکی گەرموگوڕ و واتایەکی بە جۆش و نۆشی لە ئامێزدا بێت، بە جۆرێکی ئەوتۆ لە ژێی تەلی هەستی خوێنەر بدا و هونەرمـەندانەش بیخـاتە جـموجـووڵ و هـەژان، بە تایبـەتی لـە شـیـعری لیـرکی و درامـیـدا کـە بۆ جـووڵاندنەوەی تاسـەی دەروونی ئینسـان لە ژێ دەدرێ.

دەربارەی رووخـسـاریش لە قـۆناغی خـۆمـدا هەوڵ و کـۆشـشـێکی ئێـجگار زۆرم داوە شـاعیـرێکی نوێگەریی سـەردەمی خـۆم بم. جا نازانم تا چ پلەیەک و رادەیـەک لە تخووب و کەناری دەریای ئەم نوێگەرییە و وێنەکێشییە نزیک بوومەتەوە کە هیچ کاتێ نەمویستووە بە هیچ جۆرێ خـۆم پێی هەڵکێشم، یان پێی لە خۆبایی ببم، هـەمیشـە خـۆم لە قـوتابخـانەی شـیـعردا بە قـوتابییـەک زانیـوە، چونکە هـەر ئادەمیـزادێک «بەهرەمـەند بێ، یان بەهرەمـەند نەبێ» دەبێ لە لەدایکبوونەوە تا گڵکۆ بە دوای زانست بگەڕێ و پەرۆشی فێربوون بێ.

ئەمما لە بواری زمـان و زمـانەوانیـدا وەکـو زمـانەوانێکی هـاوچەرخ لە بەکـارهێنان و بەکاربردنی وشـەی شارستانی، یان لە بژارکردن و خاوێنکردنەوەی کێڵگەی زمان و وشـە و زاراوەی بێگانە، تا پێم کراوە درێغیم لێ نەکردووە، هـەروەها بـۆ ئەوەی لە فەرهـەنگی کۆنی

لە تین کـەوتـوو دەربازبم بە دوای فـەرهـەنگێکی نوێ گـەڕاوم، تا دەرفـەتێکی فـراوانتـرم لە نێویدا بۆ هەڵکەوێ و بتوانم لەگەڵ رواڵەتەکانی شارستانێتیدا مامەڵە بکەم.

لە هەندێ دێرە شـیـعـرمـدا بە ئەنقـەست لە ژمـارەی بڕگـە و دابەشکردنی، یان بڵـێم لە یاسـای کـێش و تـەرازوو دەرچوومـە، پەنا و پێـچی ئەم توولە رێیـەم پشـتگوێ خسـتـووە، مەبـەستی سـەرەکیشـم لەم ئەنقەستییەدا ئەمە بووە تەنیا بە یارمـەتیدانی خورپە و چرپەی دەردەنگی تـەپڵی گـوێچکەم لە مـاوەی ئۆرکـیسـتـرای شـیـعـردا بە دەراوی، یان بڵـێم بە سـەرەداوی نەوایەکی سووک و دەگمەن و خرۆشا و بگەم و ببێتە مایەی خۆشکردنی کەش و هەوای هەرێمی ناوەوەی بەیتـەکـانم. نەوایەکی بە جـۆش و زەنگدار، لە نەوای "تەفـعـیلە" گرینگتـر بێ، لە ئاوازی تەلی "بڕگە" بـە سۆزتر بێ، بە مەرجێ بە تـەواوی لەگەڵ واتادا رێک کـەوێ، یـان لەگـەڵ ئەو مـەبەسـتـەی گەرەکمـە بیگەمێ رام بێ، یـان لەگـەڵ ئەو وێنەیـەی کـە ئارەزوومـە لە نێو فۆرمی شیعرەکەدا دای بەزێنم و بگونجێت ئەگینا دابەشکردنی بڕگەی شـیـعـر لە شـوێنی خۆیدا بە شـێـوەیەکی راست و دروست و بەکـارهێنانی لەسـەر دەستی منێکی کوڵاو لە نێو بۆتەی شیعری کلاسیکیدا کارێکی گەلێ سانایە.

ئەم چـەشنە دابـەشکردنـە «وەکـو من لـە فـابریکەی» هەسـتـمـدا بە رادانی دەدەم، یان جاربەجار بە رادانم داوە بۆچوونێکی تایبەتی خۆمە، لە ژێر زەڕەبینی ئەزمـوونی ساڵەهای ساڵەی شیعریمدا بە روویەکی بێ رتووش و سیما جوان خۆی دەنوێنێ. سەرەڕای ئەوەش لەو بڕوایەدام ئەگـەر یەکێک لە خۆیەوە بە سروشت و سـەلیقە بـەهرەی شیعری پێوە دیار نەبێ بە ژماردن و دابەشکردن و پێوانی درێژایی و کورتی بڕگە بەسـەر بـەژن و باڵای رستە و دێری شیعردا، یان بە فێربوونی "عـەرووزی خەلیل" و "مستزاد" و "رمل" و "هزج" و بێنە و ببەیان. هـەر چەندیش خۆی ماندوو بکات پاسـەپۆرتی پەڕینەوەی بۆ وڵاتی شیعر پێ نادرێ، ئەگـەر پێـشی بدرێ لەلایەن پسـپـۆڕانـی شـیـعـردا بـە پاسـەپۆرتێکی سـاختــە و قـاچاغ دەژمـێردرێت و بڕوای پێ ناکرێ و هەر شـتـێکیش لەسـەر بـنچینەیەکی هـیـچدا دابمەزرێ هیچە.

دەیان شـاعیر لە مـێژووی شـیـعری کـوردی، و هـەروەهـاش لە شـیـعری عەرەبیدا چ جـۆرە "عەرووز"ێکیان وەکو ئەو "عەرووزە"ی "خـەلیل" دای ناوە. نەزانیوە، یان لە چ قوتابخانەیەکدا وانەی دابـەشکردنـی بڕگـەی بڵند و بەرز و نـزم و نەوی بەکـارهێنانی کـێـشـی سـووک و قـورسـیـان نەخـوێندووە. کـە بە بلیـمـەتترین شـاعـیری سـەردەمـی خۆیان نـاو دەبـدرێن و شیعرەکانیشیان لە گوێچکەی خوێنەراندا وەکو ئاوازی هەمەڕەنگی سیمفۆنیایەکی نایاب

و بەڵەد وایە. مەل هەیە دەچریکێنێ و مەلیش هەیە دەقیرێنێ، هەروەها "دانتی" و "ڤیرجیل" و "هۆمیرۆس" و "فیردەوسی" و "تەبریزی" و "رۆمی" و سەدەهای تری وەکو ئەو ناودارانە لە جیهانی شیعری بیانیدا. ئەم لێهاتووانە بە سەلیقە و سروشت لە گوڵزاری زۆر و زەبەندی شیعردا نەغمە خوان بوون، بێ ئەوەی پیتێکی بزوێن و نەبزوێن لە نێو وشەی بڕگەدا پێیان دەستنیشان کرابێ.

ئەم بۆچوونە تەنیا قەناعەت و بڕوای تایبەتی خۆم نییە، بەڵکو بە درێژاییی مێژووی ئەدەب قەناعەت و بڕوای مێژوونووسانی ئەدەبی گەلانە و مێژوویش خۆی گەورەترین دادگێڕە لە دادگای ئەدەبیدا.

لە لای مێژوونووسانی ئەدەب زانراوە هونەری شیعر لەگەڵ هاتنە رووی ئادەمیزادا هاتووەتە روو، لەگەڵ پەرەسەندنی هۆشی پەرەی سەندووە بەر لەوەی زانایەکی وەکو "خەلیل" لەسەر خاکی رۆژهەڵاتدا سەرهەڵبدا و بنکەی یاسا و رژێمی تایبەتی و کەسایەتی بۆ شیعری عەرەبی بدۆزێتەوە. ئەم زاتە گەورەمەندە هەرچەندە لە کاتی خۆیدا رەوانبێژ و زمانەوان و رێزمانزان بووە، هەرچەندە لە کەرەستەی شیعر و هونەری "عەرووز"دا پسپۆڕ و مەلەوان بووە، بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو زانستیانەش، چونکە لە سەرەتاوە وەکو شاعیرێکی بەهرەمەند و سروشتی بەهرە و سەلیقەی شیعری لێ دیار نەبووە، بۆیە لە توانایدا نەبووە، یان بڵێم لە خۆی رانەبینیوە تەنیا هۆنراوەیەک لە شێوەی هۆنراوە بکات، یان هەر دێرە شیعرێک بە دێرە شیعر بچێ لەسەر پێوانەی کێشێک لەو کێشانەی دۆزیوییەتەوە دای بنێ، گوێچکەی مۆسیقایی نەبووە یارمەتی بدا بۆ هۆنینەوەی دێرە شیعرێکی کێشدار بە هەموو لایەنێکییەوە لە شیعری "جریر" یان "فرزدق" بکات، واش پێ دەچێ هەر ئەم گرێیە کوێرەیەش بووە بۆ دۆزینەوە و دانانی "عەرووز" پاڵی پێوە ناوە و خەڵکیشی پێوە ماندوو کردووە. واتە شیعر بەر لەوەی کێش و لەنگەر و رستە و هۆنینەوە بێت بەهرە و سەلیقەی سروشتی و لێڕاهاتن و بەردەوامبوونە لەسەر نان و پێ خۆریدا، دوا بە دوای ئەم مەرجە سەرەکییانەش بۆ زیاتر گەشەپێدانی بە هەردوو لایەنییەوە.

ناوەڕۆک و رووخسار، وەکو رۆشنبیری و داهێنان، قووڵبوونەوەیەکی بێ وڕێنە و شتی تری پێویستە. کە "گۆران"ی لووتکە و بەهرەمەند زانیی شیعری کوردی وەکو شیعری میللەتانی تری سەر رووی زەمین کێش و لەنگەری تایبەتی خۆی هەیە و لە پڕێکەوە خۆی ئامادە کرد و رووی کردە گوڵشەنی کەلەپووری نەتەوایەتیمان، لە کەلێن و پەنا و پێچیدا گەڕا تا دۆزییانییەوە، کە دۆزییانییەوەش سوودێکی داهێنەرانەی لێیان وەرگرت بۆ بەرەو

پێشخستن و گۆڕینی کەش و هەوای شیعری کوردی تا گەیاندنییە رادەی راستی خۆی، ئەم بلیمەتە دەگمەنە بە پێچەوانەی "خەلیل"، چونکە خۆی لە ئەوەڵەوە بە سروشت شاعیرێکی بەهرەمەند و سەلیقەدار بوو توانیی لەسەر پێوانەی هەر کێشێک لەو کێشانەی دۆزییەوە چەندین تابلۆی جیاجیا و سەرکەوتوو دابنێ، بۆیە لە بواری تازەگەریی شیعری کوردیدا لە لای پسپۆڕەکان بە پێشەنگ و نوێنەر دادەنرێت، چونکە ئەو خۆشخوانە سەرەڕای چەسپاندنی کەسایەتیی خۆی لەسەر ترۆپکی خۆشخوانیدا توانیی بنچی شێوەیەکی نوێ لە جەستەی شێوەی شیعری کوردی کۆندا بکوتێ و هەتاهەتایە نەلەقێتەوە.

من لە شیعرنووسیندا "هەواکار" بوومە زیاتر لەوەی "پیشەکار" بم، هەروەها لە لام روون و ئاشکرایە ئەمڕۆکە، لەم سەردەمەدا بەرگ و پۆشاک و کاڵای شیعر لە جیهاندا گۆڕاون، هونەری شیعری کوردی لە دوای قۆناغی "گۆران"ی نەمرەوە بارودۆخێکی تازەتری بەسەر تێ پەڕیوە، لە هەردوو لایەنییەوە «ناوەڕۆک و رووخسار». بۆیە لەوانەیە هەندێ لە شیعرەکانم کە لەسەر لاپەڕەکانی ئەم دیوانە و دیوانەکەی پێشوومدا خۆیان دەنوێنن بە گوێرەی زەبری ئەم گۆڕانە ئەوانیش لە رووی فۆرم و ئامراز و تەکنیکەوە گۆڕانیان بەسەردا هاتبێت. لەوانەشە تابلۆ شیعرێکی چەند ساڵەی لەمەوبەرم لە رووی بۆچوون و کەش و هەوای دەروونی و رۆحی و هەستی و هونەریدا لە رووی تێڕامان و سەروا و ناوەڕۆک و ئامرازەوە لەلایەن تازەگەراندا بە تابلۆیەکی کلاسیکی کۆن لە قەڵەم بدرێ، بە تایبەتی لەلایەن ئەوانەی خۆیان بە لووتکەیەکی بەرزتر دەبینن و لەو لووتکانەی بەر لە ئەواندا لەسەر زەمینەی شیعردا سەریان هەڵداوە و تا ئیستاش قیت و نەلەقیو وەستاون بەرانبەر رەهێڵە و گەرداوی رەخنەگراندا. هەر چۆنێک بێت من بەش بەحاڵی خۆم لەو بڕوایەدام شیعرەکانم بە پێی ئەو بارودۆخەی کە تێیدا بووم رێگە خۆشکەرێک بوونە بۆ وریا و خێرا رۆیشتنی کاروانی شیعری کوردی بەرەو پێش، بۆ ئەوەی بە کاتێکی زوو بە لووتکەی تازەگەریی ئەمڕۆکەی بگات، خۆ ئەگەر فرە داهێنانێکی زۆر گەورەشم پێ دانەمەزرابێ لەم بوارەدا، بەڵام توانیومە تابلۆی جوان جوان و زیندوو خورپەدار و دێرە شیعری ناسک و جۆشدار و بە ئیقاع و ژەنەیەکی فرە مەزن بە خوێنەری شیعری کوردی ببەخشم، بۆ ئەوەی چێژی لێ وەرگرێ، یان جۆرە چێژێکی تری لە سەردانێ تاکو تامەکەی خۆشتر لە زاراندا.

بە بیرم دێ، کاتێ کە هەرزەکار بووم خەریکی وێنەکێشان بووم، بەو کەرستە و ئامێرانە:

«بۆیە و پالێت و خامی سپی و چوارچێوەی دار و مۆدیلێکی دیاریکراو» دیمەنی سروشت و نیگاری بەژن و بالا و لەشولاری کەڵەگەتم دەکێشا، لە شێوەی وێنەکێشێکی "رۆمانسی"، بەڵام لە ڕێی دڵداری و رامیارییەوە زیاتر ئارەزووم کەوتە سەر شیعر نووسین و رۆژ بە رۆژ، بڕەبڕە وێنەکێشیم لە بیر کرد بەو کەرستە و ئامێرانەی کە باسم کردن کەچی لە دنیای جوانکاریدا هەمیشە وەک «پۆرترێت» دانەرێکیبە پەرۆش و وێنەکێشێکی شەیدا ویستوومە بە کەرەستە و ئامێری شیعر و ئەدەب وێنەی جوان و گەشەداری ولاتەکەم بکێشم، وابزانم هەر هونەرمەندێکیش شاعیر بێ، یان وێنەکێش بێ مافی ئەوەی هەیە سەربەست بێ لە وێنەکێشاندا، بەو شێوەی کە هەستی بۆی دەچێ و دەیەوێ، بەڵام لە نێو بازنەیەکی راست و دروستدا بە ژیانی کۆمەڵایەتی بوەشێتەوە.

لە جیهانی شیعردا وەکو شاعیرانی تر چ جۆرە نازناوێکم بۆ خۆم هەڵنەبژاردووە. تەنیا ناوی رووتی خۆم و باوکم نەبێ و هیچی تر نا، واتە "پیربال مەحموود" لە لای خوێنەردا لە هەر نازناوێکی کلاسیکی و لاساییکەر بەناوبانگتر بوو، هەروەها خۆشم لە سەرەتای گەنجێتیمدا هەتا ئێستا هەر نوێخواز بوومە، حەزم لە لاساییکردنەوەی هەر شتێکی کۆن و سیلاک نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ویستوومە هەردەم لە بواری نوێگەریدا هەنگاوێکی نوێ بۆ قۆناغێکی نوێتر و گەشەدارتر باوێم، ئێستاکەش هەر لەسەر ئەم ویست و خواستەدا ماوم و وەرم نەگۆڕیوە، یەک ڕێگە و یەک ئامانج.

کاتێ کە شیعرم بۆ دێ، دێرەکانی لە نووکی قەڵەممدا لە شێوەی تاڤگەیەکی شەپۆلدار و زیوین و روون، بە هێمنی و سانایی دەڕژێتە سەر کاغەزی سپی و شینی بەر دەستم. لە پڕێکەوە کە شتێک ناخم دەهەژێنێت و دێتە خوارەوە، یان رووداوێک کارم تێ دەکات، یان چاو هەڵبڕینێک بە جوانی سروشت و سەرنجدانێکی ئاسایی بە بالای شۆخێکی قژ زەرد و کەنیشکێکی دڵڕفێن، نەک بە زۆر لە خۆکردن و گەڕان و سووڕان بە دوای کێش و لەنگەر و ئیقاع و وشە ڕێزکردنەوە، کە هەندێ لە شیعرپەروەران بەم شێوە لێکی دەدەنەوە و بۆی دەچن و جار بە جاریش رەخنەم لێ دەگرن. من کە شیعر دەنووسم، لە پێشدا نەخشەی کێش و لەنگەر دەستنیشان ناکەم، یان بۆ خولقاندنی تابلۆیەک شیعر بنچینەیەکی تایبەتی بۆ ژماردن و بەرزکردنەوەی دیواری بڕگە دامەزرێنم، جا شیعر کە هەر چۆنێک بێت، لەسەر شێوەی کۆن بی، یان لەسەر شێوەی نوێ، بالادە شیعر بێ، یان پۆستەرە شیعر، درامی بێ یان لیرکی، لەگەڵ خوداوەندی شیعر زۆرانکار ناکەم، بەڵکو کێش و لەنگەرەکە، یان بڵێم بڕگەی کورت و درێژ و ناوەندی، وەکو چەند نەوایەکی گەرموگوڕ، یان لە شێوەی چەند

ئاوازێکی نەرم و نیـان، یان لە ئەندازەی ترپەیەک و چرپەیەکی شـەپۆلدار وورووژم دەهێننە نێـو ئەشکەوتی گـوێچکەم، دەکـەونە جـێـژەنگی چۆپی و هەڵپـەڕین و باڵەفـڕەی لەرە و خرۆشان، هەر بە خۆیان نۆتە دابەشکەر و تارژەنن لە ئاهەنگی شیعرمدا. کە برووسکەی سرووش دەتەقێتەوە مەودایەک و دەرفەتێکی ئەوتۆ بە شاعیر نادا، لە ماوەیەکی وا کورت و کەمدا، کە پێویستی بە راوکردن و قۆزتنەوەی شیعرەکەیە بیر لە نەخشەکێشانی "کێش و لەنگەر" بکاتەوە، یان چ جۆرە **سەراوێک** و ئاهەنگێک و بڕگەیەکی بۆ دابنێ.

«بڕگـەی کراوە»، یان «بڕگـەی داخـراو»، « بەیتی کـورت»، یان «بەیتـی درێژ» بە شـێـوەی "چامـە"، یان بە شـێوەی "هەڵبـەست" دای ڕێژێ، بەڵکو "بڕگە" و "شـێوە"، یان «کـەرەسـتـەی شیـعر بە گشتـی» لە حـاڵەتی درەوشـانـەوەی سـروشـتـە کـە لە خـۆوە ئامـادە دەبـێ. ئەگـەر شـاعیر لە کاتی راوکردنی بیر لەم شـتـانە بکاتەوە راوە شـیـعری پێ ناکرێ و نێـچیرەکە دەدۆڕێنێ و لە دەستی خۆی دەدات. خۆ شـیـعر نووسین دارتاشـی و ئاسنگەری نییـە، یان مـەسـەلەیـەکی ژمێریاری و فـیزیاوی نییـە لەسـەر بنکە و یاسـا و دەسـتووری تایبـەتی خۆی حەل بکرێ و ئەگینا نەء.

ئەم دیوانـەم بەشی دووەمی سـەرجـەمی شـیـعـرەکـانمن بـە زمـانـی کـوردی، ئەوەی تێـدا بەرچاوی خوێنەر دەکەوێ کۆمەڵە شیعرێکی هەمەڕەنگە لە شیعری دڵداری و پێداهەڵدان و مرۆڤایەتی و پەند و ئامۆژگاری و لەگەڵ چەند نموونەیـەک لە هۆنراوەی وەرگێڕاو لـە زمانی بێگانەوە بۆ زمانی کوردی.

وەنەبێ هـەر ئەو جۆرە شـیـعرانەشم لە هەگبەدا هـەن، بەڵام لەو بڕوایـەدام تا ماوەیەکی تر دەرگای بڵاوکردنەوە بۆیان ناکرێتەوە، یان بڵێم لە ڕۆژی ئەمڕۆدا شـایەسـتەی بـڵاوکردنەوە نین.

لە دوییدا ئومێدەوارم وەک پێویستییەکی ژیانی ئەدەبی کوردی شیعرەکانم لە باڵەخانەی شـیـعری کـوردیدا کـەلێن و دەلاقـەیەکی بچـووک پڕ بکەنەوە، هـەروەهـا تکا لە شـاعـیـران و نووسـەران و رەخنـەگـران دەکـەم بە شـێـوەیەکی هـونەری راست و دروست و بێ لایـەنی لە شیعرەکانم بکۆڵنەوە، منیش بە دڵێکی فراوانەوە بۆ وەڵامـدانەوەی رەخنەی بەجێ و ڕێیـان ئامادەم.

١٩٨٥ هەولێر

**لەسەر گۆڕی یار**

لەســەر گــۆڕت وەکــو بولبــول ئەناڵێنم هــەتا مــاوم
دوای ڕۆینـی تۆ گـێـتی هەمــوو ڕەش بوو لە بـەرچاوم
سـەراپا کوڵخـەنی ژیلە و زووخاڵە گـیانی سـووتاوم
هەمــوو قــوڕگی خـەم و ئێش و گـرینە ژینی رووتاوم
دەبا ون بێ لـە پاشـی تۆ لـە رووی ئـەم ژینـەدا نـاوم
لەبەر مـەرگی سـیاهی تۆ وەها سیس و پەشۆکـاوم

* * *

وەکو ئەسـتێرەی گـەش بووی لە ئاسمـانی ژیانم تۆ
گـوڵاوی کـامی بێ غـەش بووی لە باخی بێ زیانم تۆ
گـزنگی خـۆری گـەردەش بـووی لە تافی بەربـەیانم تۆ
پڕیشکی ئاڵی ئاتەش بـووی لە ئومــێـدی نیــانم تۆ
فـریشـتـەی شـەنگی ئەندیشــەم. دڵارمی درەوشـاوم
تەلاری پـەیکەری بالام. پـەرسـتگەی بەرزی رووخــاوم

* * *

فـەلەک چەرخت سـەرەنگوون بێ لە کـوێ تا شـەوچراخی من
لە بـەرچی هـەوڵ ئەدەی ئاوا بـە خــەم پڕکــەی دەمــاخی من
لـە لالان لالـەیـەکـم بـوو ئـەویـشـت بـرد لـە بـاخــی مـن
بڕۆ دەک تـەفـــــر و توونـابی لـە ئاهــی ئاخ و داخـی مـن
لەمەولا روو لە تۆ ناکەم هەتا لەم حاڵەدا ماوم
نە ئەتناسم، نە ئەمناسی دە لاچۆ دەی لە بەرچاوم

* * *

گــوناهی نەونەمــانی من چی بوو لێــرە لە گــوڵزاران
هەڵە یاخــۆ زیانی ئەو چی بوو کــوشــتت بە ئازاران
لەبەرچی ناوی ئەو دونیـا نەدیوەت خـسـتـە سـەر زاران
بڕۆ با هـەر لە ئەســتــۆت بێ گــوناهی پۆلی دڵزاران
بە غەیری زەڕ چی سوودێکت نییە ئەی چەرخی بەدناوم
لـەبەر کــرداری ناپاکت وەها ســەرســام و تاســاوم

* * *

جـوانی من جـوانیٚ بـوو بە دڵ وەک شــەونمی گــوڵ بوو
خـەونگەی وێژەوانیٚ بوو کـەوێژەی مـەشـخـەڵی دڵ بوو
لە شـێوەی ئەرخـەوانیٚ بوو هـەمـیشـە شـایەنی چڵ بوو
چ سـووچێکی نەبوو نـا نـا سرووشـی زەنگی بولبـول بوو
ئـیـــتـــر بۆچی لە پڕ هـاتی بەرەو بەخـــتـی بریقـــاوم
ڕمــــاندت کـــۆشکی ئاواتم وەراندت نێـــرگـــزی لاوم

* * *

کــــەچی ڕۆیی بەڵام هەردەم لە خـــــەونی لالە زارانە
لە گـولْشــەنگدا نەوای تار و ســـەدای دەنگی هـوزارانە
لە دەربـەندا گـــــوزارێکی دیاری نێــــو گـــــوزارانە
بەڵام من ئەی فـەلەک هەردەم بە دەسـتی تۆ لە نێـوداوم
هـیــوادارم کـــە بێی بمبـــەی لە پڕ بۆ یاری نێـــژراوم

* * *

کـە کۆچی کـرد نیگاری من ئەمن بۆ کۆچ نەکـەم کاکـە
لەبەرچی مـن بمێنم وا ئـەویش بنویٚ لە ئەم خـــاکـــە
لە نێـو گـۆڕێکی تاریکا کـەوا شـوێنێکی سـامناکـە
دەبا بمرم منیش وەک ئەو نەمــــانم مـــردنم چاکـــە
لە ئەو ژینەی کـــەوا تاڵە لە شـــێـــوەی ئەشکی ژاراوم
کــە ئەیرێژم لەســەر مــەرگی ئومـێـدی پاکی ژاکــاوم

* * *

لە تـەک ئەو گـــۆڕە بمنێـــژن کــە دەرەوەی بیٚ دڕ و داڵە
کــە بەرگی خــۆڵەکـەی بەردی سـیــاهـە و قـاوەی و ئاڵە
لەســـەر کـێـڵی گــەراقـوپم کـە ڕەمــزی مـردنی تاڵە
بنووسـن ناوم و ناوی (سـەعـادە)ی شـەنگ و (پـیـربـاڵ)ە
لە (زین) و (مـەم) زیاتر بووین بەڵام ئەو چوو ئەمن مـاوم
فـەلەک تەختت سەرەنگوون بیٚ بە دەستی تۆ پەشۆکاوم

هەولێر ١٩٥٥